# (کوندۆلیزا ڕایس) چی پێیە بۆ کوردستان. . . . .

**هشام ئاکرەیی**

مانەوەی (جۆرج بۆش) وەک سەرەک کۆماری ئەمریکا، گەلێ واتای هەیە. لە هەمووان ئاشکراتر و ڕاستر ئەوەیە کە، (بۆش) هێشتا کاری تەواو نەبووە وپێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی پلانی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جێبەجێ بکات. دیارە دانانی (کوندۆلیزا ڕایس) وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەشێکە لە سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا بۆ عێراق و ناوچەکە. کەواتە ئەمریکا بۆ ئەو دەڤەرە پێویستی بە کەسانێکی وەک (ڕایس) هەیە بۆ ئەوەی نەخشەی ئەو ناوچەیە بە گوێرەی خواست ویستی ئەمریکا دابڕێژێت.

هەلبەتە ئەمریکا پێویستی بە کەسیی (ڕایس) نییە، بەلکوو پێویستیان بە کەسایەتی، هزر و بیر، شێوەی بیرکردنەوە و سیاسەتی (ڕایس) یان هەیە. هەر بۆیەش پێویستە ئێمەی کورد ئەو ئافرەتە بناسین و بزانین چۆن بیردەکاتەوە و بەگوێرەی کەسایەتی ئەو تەخمینبکەین، ئەمریکا، دەیەوێت چ جۆرە سیاسەتێک دەربارەی باشووری کوردستان و ناوچەکە پەیادەبکات.

پێش ئەوی گەشبینیەک یان ڕەشبینیەک دروست بکەین، دەبێ بزانین کە جوگرافیایسیاسی هەرێم و دەڤەرەکانە، هەلۆیستی ئەمریکا و هەر ولاتێکی تر دەستنیشان دەکات. گرنگی کوردستان پاش گرتنی (کوێت) لە لایەن سەددامەوە و ڕۆخانی یەکیەتی سۆڤیەت و ئامادەنەبوونی سوریا بۆ ئاشتبوونەوە لە گەلّ ئیسرائیل، گۆڕڕاوە و کۆمەلگای نێونەتەوەیی ناتوانێت گرنگی پێ نەدات. ئەم جوگرافیایسیاسیە لەوانەیە گرنگتر بێت یان گرنگی بۆی نەمێنێت بەگوێرەی بارودووخی سیاسی جیهان و ناوچەکە. هەر بۆیەش سیاسەتی (ڕایس) بەرامبەر کوردستان زیاتر پەیوەندی بە جوگرافیای سیاسی باشووری کوردستان و هەرێمەکەوە هەیە.

سەرەڕای ئەو ڕاستیەی سەرەوە، ئێمە ناتوانین ڕۆلی کەسان لە گۆڕانکاریەکانی جیهاندا پشتگوێ بخەین. بۆ نموونە، (کیسنجەر) ڕۆلێکی نەرێنی هەبوو لەسەر شۆڕشی 1974ی باشووری کوردستان. هەروەها ئەگەر (بلفور) ی بریتانی بەلێی خۆی جێبەجێ نەکردبا، لەوانەیە ئێستا دەولەتی ئیسرائیل لە سەر نەخشەی جیهاندا نەبوایە. لە سەردەمی (کۆلن پاولّ) هیچ بەرەو پێشچوونێکی سیاسی دەربارەی کوردستان نەهاتە ئاراوە و زیاتر سیاسەتی دەستلێمەدە بەکار هێنرا.

هەر چەندە وەزیری تازەی پۆستی دەرەوەی ئەمریکا (ڕایس) ، لە گەلّ پاولّدا کاری کردوە، بەلام جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە لە گەلّ (پاولّ) . (ڕایس) وەک کەسێکی نزیک لە سەرۆکی ئەمریکی کاری کردوە لە سەردەمی ماوەی یەکەمی هەلّبژاردنەکانی سەرۆکایەتی (بۆش) و لە ئەنجامی ژیری و وەفاداری ئەو بۆ سەرۆک (بۆش) ، توانی لە شارەزا یەکی کاروباری یەکیەتی سوڤیەتی کۆن و بەڕێوەبەری زانکۆی (ستانفۆرد) ، بکرێ بە شێوەرمەندی ئاسایشی ئەمریکا سالّی 2000. (ڕۆژنامەی سفێنسکاداگبلادتی سویدی) .

بەگوێرەی هەمان سەرچاوە (ڕایس) کە دکتۆرای لە زانیاری نێونەتەوەییدا هەیە و حەز لە شتکرین و تۆپێن دەکات، لە سەرەتای ژیانی سیاسیدا ئەوەندە شارەزای (ئاسیا) و ولاتە عەربیەکانی نەبووە. زۆر پرسیاری هەستیار دەربارەی ئەو (ئافرەتە ڕەق) ە ئالوگۆڕ دەکرێن. وەک شاردنەوەی مەترسی ڕۆدانی کارەساتی 11 سپتەمبەر و سووربوونی لە سەر هەبوونی چەکی ئەتوومی لای سەددام. هەتتا بەر ئەوەی هێرش بکرێتە سەر سەددام (ڕایس) دەی وت: "هەتتا ئەگەر سەددام ڕازیبێت دەسەلات بەجێبێلێت، پێویستە ئەمریکا پلانەکانی خۆی دەربارەی عێراق هەر جێبەجێبکات، و دەبێ ئەمریکا هەبوونی سەربازی لە عێراقدا هەبێت لەژێر چاودێری بەرپرسیارێکی وەک (تۆمی فرانکس) ". ئەم حەزەی (ڕایس) لە دوای چەند مانگێک جێبەجێکرا.

ڕۆژنامەی (پۆلیتیکا) ی سویدی دەربارەی کەسایەتی (ڕایس) دەڵێت: بەدرێژایی مێژووی ئەو لە کۆچکی سپیدا، سیاسەتی (ناوەند) ی بەکارهێناوە و هەوڵی داوە هەردوو لایەنی ململانێ ڕازیبکات و پەیوەندی باشی لەگەڵ هەردوو جەمسەی ململانێیدا هەبووە لە کۆچکی سپیدا.

هێرشەکانی 11 سپتەمبەر، سیاسەتی ئەمریکا و بەتایبەت هی سەرۆک بۆش و (ڕایس) ی گۆڕی، لە سیاسەتی واقعی (ریەلپۆلێسی) ، دیبلوماسی و پەیوەندیەکانی بازاری ئازادەوە، بۆ سیاسەتێکی ڕادیکال. هەروەها پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی لاوازکران و فشاریان خستە سەر کۆریای باکوور و پاشەکشێی کرد لە پشتگیری ئەمریکا بۆ ڕێکەوتنی (کیوتۆ) ی دژی گەرمکردنی جیهان. بە گوێرەی ڕۆژنامەی (ئێکسپرس) ی سویدی کەسی تر جگە لە (ڕایس) ناتوانێت ئەم گۆڕینە لە (ریەلپولێسی) سیاسەتی واقعی بگۆڕێت بۆ سیاسەتێکی پارێزەرانەی نوێ.

هەمان سەرچاوە دەڵێت کەوا لە سەرەتادا لە ڕۆی فکرەوە (ڕایس) لە (هنری کیسنجەر) ەوە نزیک بۆ و باوەڕی بە سیاسەتی واقعی هەبوو و گەلێ دوور بوو لە (دیک چێنی) بەڵام ئێستا ئەو باوەڕی بە بیرێکی تێکەڵاو لە سیاسەتی واقعی و پارێزەرانەی هەیە. سەرچاوەکە دەڵێت کە ئەمریکا لە ژێر ڕێنوێنی (ڕایس) سیاسەتی خۆی گۆڕی و لە ئەفغانستانەوە بەری ئەمریکای دایە عێراق بە بێ گەڕانەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.

شارەزای دژی تیۆریزم لە کۆچکی سپی ( ریتشارد کلارک) لە کیتابەکەیدا ( دژی هەموو دوژمنان) دەڵێت: لە قسەکانی پێشوومدا لە گەڵ (ڕایس) وامدەزانی (ڕایس) گوێی لە ئەلقاعیدە نەبووە. و دەڵێت کەوا (ڕایس) ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە بونیادنانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و (کوندۆلیزا ڕایس) وەزیری دەرەوەی تازەی ئەمریکا ئەو سیاسەتمەدارەیە کە دەڵێت: (پێویستە ئەمریکا هەندێ جار دەستبەکاربێت بەر ئەوەی دوژمنانی هێرش بێنن) .

لە مانگی نۆی ساڵی 2002 ئەمریکا نامیلکەیەکی 31 لاپەرەیی دەربارەی سیاسەتی نەتەوەیی خۆی بڵاوکرد، کە لە ژێر چاودێری (ڕایس) ەوە نووسرابوو. تیایدا هاتووە:

ئێمە، واتە ئەمریکا، دوودڵ نابین لە دەستبەکاربوون ئەگەر پێویستکرا، بۆ ئەوەی مافی بەرگری لە خۆمان بەکاربێنین، پێش ڕۆدانی هێرش و ئەوە مانای ئەوەیە کە لەشکری ئەمریکا دەبێ بەهێزبێت بۆ ئەوەی دوژمنان بیر لە هێرشکردن نەکەن بۆ سەرمان. هەروەها دەڵێت ئەمریکا پێویستە بیری دیموکراسی خۆی لە دونیادا بڵاوبکات. لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین ئایە چەکی ئەتوومی ئێران ئەو مەترسییە دروستدەکات! ! !

ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل دەربارەی وەزیری تازەی دەرەوەی ئەمریکا (ڕایس) نووسیویانە کەوا ئیسرائیل بە بێدەنگی پێشەوازی لە لایەنگرێکی ئیسرائیل دەکەن بۆ ئەوەی عەربەکان نەترسنەوە و بارودووخی ئەمریکایەکان لە عێراق خرابتر نەبێت. (ڕایس) بەهەمان شێوەی بەرپرسیارانی ئیسرائیلی دەیویست عەرەفات لاببرێت. بەگوێرەی ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل سیاسەتی (ڕایس) لە ناوچەکە لە بەرژەوەندی ئەواندا دەبێت باشتر لە کاتی (کۆڵن پاوڵ)دا .

نووسەری سویدی (ماتس ئەندرسون) دەڵێت: دیارە ئەمریکا بە دەستی (ڕایس) دەیەوێت هەموو سیاسەتی خۆی لە عێراقدا جێبەجێ بکات و عێراق بکاتە نموونەیەک بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. لە کۆتایی بابەتەکەیدا (ماتس) واقعی عێراق بەشێوەیەکی تر دەبینێت و سەرکەوتنی پرۆژەی دیموکراسی ئەمریکا بۆ عێراق بە ئاسان دانانێت.

کەواتە (ڕایس) ئەسپی بەرندەی ئەمریکایە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و پێیان وایە (ڕایس) دەتوانێت پلانە گیرخواردەکەی ئەمریکا لە ناوچەکە جێبەجێ بکات. هەر چەندە ئەم جۆرە کەسایەتیانە باوەڕییان پێناکرێت و لەوانەیە لە هەر کاتێکدا وازلە هاوپەیمانەکانیان بێنن، بەڵام هەر ئەو جۆرە کەسایەتیانەن بڕیاری ترسناک و هەستیاریش وەردەگرن. کێشەی کوردستانیش پێویستی بە بڕیارێکی بوێرە لە

سیاسەتمەدارێکی ڕادیکاڵ و دیموکرات. ئەمە مانای ئەوە نییە کە (ڕایس) بە بێ هیچ پێویستییەک ئەو بڕیارە وەردەگرێت یان خۆی لە کوردەوە نزیک دەکات، بەلکوو باری سیاسی هەرێمەکە لەوانەیە پێویستی بە دروستکردنی گۆڕانکاری بکات لە ناوچەکەدا و ئەگەر کورد بتوانن خۆیان بکەن بەو فاکتەرە گرنگەی خاوەن باوەڕی و متمانە و هێز، ئەو کاتە دەلیڤەیەکی باش دێتەئاراوە و بارودووخێکی بابەتیی گونجاو دروست دەبێت کە ببێتە جێگای سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەت وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و (ڕایس) ی ڕەق و نەترس و بڕیاردەر و خاوەن هێز.
لەهەمان کاتدا مەترسی ئەوەش هەیە کە ڕایس بەو تایبەتمەندیانەی خۆی بڕیارێکی وەک کیسنجەر دەربارەی کورد بدات. لە هەردوو حاڵەتدا پێویستە لایەنە کوردیەکان کەسایەتی ئەم ئافرەتە بهوێننەوە بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵەی واقعیانە لە گەلی بکەن.